السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ده‌بینم خه‌ونه‌كانتان وه‌كو یه‌ک بووه‌ سه‌باره‌ت به‌ حه‌وت شه‌وی كۆتایی، بۆیه‌ ئه‌وه‌ی به‌ دوایدا گه‌ڕا با له‌ حه‌وت شه‌وی كۆتاییدا به‌ دوایدا بگه‌ڕێت

له‌ ئیبن عومه‌ره‌وه‌ -ڕه‌زای خوایان لێبێت- ده‌ڵێت: پیاوانێک له‌ هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- شه‌وی قه‌دریان پێ نیشاندرا له‌ خه‌ونیاندا كه‌ له‌ حه‌وت شه‌وی كۆتاییدایه‌، بۆیه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: «ده‌بینم خه‌ونه‌كانتان وه‌كو یه‌ک بووه‌ سه‌باره‌ت به‌ حه‌وت شه‌وی كۆتایی، بۆیه‌ ئه‌وه‌ی به‌ دوایدا گه‌ڕا با له‌ حه‌وت شه‌وی كۆتاییدا به‌ دوایدا بگه‌ڕێت.»

[سه‌حیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان له‌سه‌ری]

چه‌ند پیاوێك له‌ هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- شه‌وی قه‌دریان بینی له‌ خه‌ودا؛ به‌وه‌ی له‌ حه‌وت شه‌وی كۆتایی مانگی ڕه‌مه‌زاندایه‌. پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: ده‌بینم خه‌ونه‌كانتان هاوشێوه‌یه‌ ده‌رباره‌ی حه‌وتی كۆتایی مانگی ڕه‌مه‌زان، بۆیه‌ هه‌ركه‌سێك مه‌به‌ستی به‌ده‌ستهێنانی پاداشته‌ له‌ ئه‌و شه‌وه‌، و به‌په‌رۆشه‌ له‌سه‌ر گه‌یشتن پێی، ئه‌وا با كۆشش بكات له‌ گه‌یشتن پێی و به‌ده‌ستهێنانی پاداشت تێیدا به‌ ئه‌نجامدانی كرده‌وه‌ چاكه‌كان؛ چونكه‌ هیوای زیاتر هه‌یه‌ به‌وه‌ی له‌ حه‌وت شه‌وی كۆتایی بێت، ئه‌میش له‌ شه‌وی بیست وچواره‌وه‌ ده‌ستپێده‌كات ئه‌گه‌ر مانگه‌كه‌ سی ڕۆژ بێت، وله‌ بیست وسێ ده‌ستپێده‌كات ئه‌گه‌ر مانگه‌كه‌ بیست ونۆ بێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4545

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee